# ڕەتکردنەوەی دەستوور !!

بۆ جەماوەری خەڵکی کوردستان!
لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکان!

وەک ئاگادارن کە ڕۆژی 15.10.2005، ڕۆژی دەنگدانە بە دەستوور لە عێراقدا، تەواوی ئەو هێزانەی کە بەرژەوەندی یە تایبەتی و سیاسی یەکانیان هاوبەشە بانگەوازی خەڵک دەکەن کە بە "بەڵێ" دەنگ بدەن بە دەستوور، لەم نێوەشدا سەرکردایەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار و پەرلەمانی کوردستانیش بە ڕەسمی نەک هەر داوا، بەڵکو تەنانەت جۆرێک فشاریان هێناوە بۆ خەڵکی کوردستان کە هەر ئەبێت " بەڵێ" بدەن بە دەستوور، دەڵێن ئەم فرسەتە زێڕینەو نابێت لەدەستی بدەین و شتی لەم بابەتە. کاربەوە گەیشتووە کە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستان جێگەی
" نـا" وتنی تیا نابێتەوە و ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە پێشێل کاری ڕای خەڵکی کوردستان دەژمێردرێت.
ئێمە ئیمزاکەرانی خوارەوە ڕای دەگەیەنین کە ئەم دەستوورە ڕەتدەکەینەوە بەم هۆیانەی خوارەوە:

1. گرفتی بنەڕەتی کۆمەڵگەی عێراق لەم برگە مێژوویی یەی ئێستادا دەستوور نی یە، ئەمە زیاتر پیلانێکی ئەمریکایە بۆ بەخشینی شەرعیەتێکی یاسایی بەو هێزانەی کە خۆی بە نیازە دەوڵەتیان لێ پێک بهێنێت. لەلایەکی تر هەل ومەرجی ئێستای عێراق نووقمی تیرۆریزم و شەڕو نائارامی یە، ئەمە کەش وهەوایەکی ناسازگاری وای پێک هێناوە کە خەڵک لەسەرەتایی ترین ئازادی سیاسی و مەدەنی یەکانی خۆیان بەهرەمەند نین.  خەڵک بۆ ئەوەی ئازادانە دەنگ بدەن پێویست دەکا لە کەش و هەوایەکی ئازاد بەهرەمەند بن، ئەم هەل و مەرجە لە ئێستای عێراقدا نی یە.
2. ئەم دەستوورە و بەندەکانی نەک هەر مافە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان دابین دەکا وەک ئەوەی کە ڕاگەیاندنەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو ڕێک دەکەوێتە دژایەتی ئەم مافانەو لەژێر ناوی یەکپارچەیی خاکی عێراقدا ئیرادەی زیاتر لە چوار ملیۆن لە خەڵکی کوردستان پێشێل دەکا. ئەم دەستوورە مۆری بەزۆر لکاندنە بە عێراقەوە. ئەم دەستوورە لەگەڵ ئەوەی بەعس نەک هەر جیاوازی یەکی نی یە، بەڵکو پایەکانی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەهێزتر دەکا. خەڵکی کوردستان زۆریان ناڵاند بەدەست یاساو دەستووری بەعسی و ئیسلامی یەوە، هەر بە ئاڵای قورئان ئەنفال کران، بە بنەماکانی ئیسلام، ناسیۆنالیزم و شۆڤینیزمی عەرەبی زاڵ بوو، هەر ئەم یاسایانە بوو کە کۆمەڵگەی هێنایە دواوە. خەڵکی کوردستان لەهەموو کەس زیاتر تاڵیی و سەختیی ئەم یاسایانەیان چەشتووە، هەر بۆیە یەم دەستوورە بەبەری ئەم خەڵکەدا ناچێت و خواست و ئارەزووەکانی خەڵک زۆر لەم دەستوورە لەپێش ترەو شایستەی ژیانێکی باشترن.
3. ئەم دەستوورە، وەک هاووڵاتی چونیەک ناڕوانێتە ئینسانەکانی عێراق، بەڵکو بەشیان دەکا بەسەر قەوم و دین و تایەفەکاندا، ئەمەش سیگناڵێکی ترسناکە بۆ شەڕو پێکدادانی دینی و قەومی لە ئاییندەدا.
4. بە پێ ی  مادەی (2)ی دەستوور، خاڵی یەکەم:

<u>ئیسلام ئایینی فەرمی دەوڵەتە و سەرچاوەی سەرەکی یاسادانانە:</u>
<u>أ– نابێت یاسایەک دابنرێت لەگەڵ حوکمە جێگیرەکانی ئیسلام ناتەبا بێت.</u>

ناکرێ یاسایەک کە شەریعەت داینابێت و لە بنەماکانی دینێکەوە سەرچاوەی گرتبێ کە هەموو بڕگەکانی سوکایەتی یە بە ژنان، باس لە مافەکانی ژنان بکرێت. دەستووری ئێستا و مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی ژنان زۆر جیاوازە. ئەم دەستوورە مۆری پلە دوویی یە لە ژنان و دەنگدان بە بەڵێ بۆی ئەوپەڕی سوکایەتی یە بە ژنان و شەرمە بۆ هەرکەسێک کە خۆی بە ئازادیخواز بزانێت دەنگی بەڵێ ی پێ بدات.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە کەباس کران، بانگەوازی ئێمە بۆ تەواوی ئازادیخوازان، نووسەران، ڕۆشنبیران، هەر کەس و هێزو لایەنێک کە خۆی بەلایەنگری ژیانێکی ئازادانە دەزانێت بۆ خەڵکی کوردستان، ئەوەیە کە نەیەڵێت ئەم دەستوورە گوزەر بکات و ببێتە کۆتی دیلێتی خەڵکی کوردستان. ئەمە ئەرکێکی مێژوویی و هەڵوێستێکی دروست و وەڵامی ئیمەیە بە دەستوور، پێویستە پێش هەر وەڵامێک بە دەستوور، یان دروست تر پێش هەر دەستوورێک، چارەنووسی کوردستان یەکلایی بکرێتەوە ئەمەش بەگەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان خۆیان، کەلە ڕیفراندۆمێکی ئازاد و ڕەسمی و نێو دەوڵەتیدا بڕیار لەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیان بدەن، جا یان بە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە، یان مانەوەیە لەچوارچێوەی عێراقدا بەمەرجی هاووڵاتی پلەیەک یان بەمەرجی بڕیاردان بە جیابوونەوە لە ئاییندەیەکدا کە مافەکانیان پێشێل بکرێ. بێجگە لەمە هەر بڕیارێکی تر کەلەسەرووی خەڵکی کورستانەوە، پێشێل کردنی ڕاستەوخۆی ئیرادەی ئەو خەڵکەیە.
بۆ ئیمزادان لەم بەیاننامەیە، تکایە پەیوەندی بکە بەم ئیمێڵەی خوارەوە:

عمری خطاط omerxatat@yahoo.com

| ناو | پیشە | شوێن |
|---|---|---|
| | | |